ئەوەندە ڕکەبەرێتی بۆ ..؟!

وەلامێك بۆ وەلامەكەی (جەلال ڕەووف ئەمین)
لەسەر بابەتی (ئازادی مرۆڤ لە ئیسلامدا) .

ئەحمەد كاكە مەحموود

بەشی دووەم

سووكایەتیی وشەڕە جنێو شتێكە و، ئازادیی بۆ مرۆڤیش شتێكی ترە، مرۆڤ بە ڕێزو بە حورمەت و خاوەن قەدر خولقاوە..(ولقد كرمنا بنی آدم ..) مەسخەرەو لاقرتی و گاڵتە بە ئینسانەكان بە نووسین ،وە یان بە هەر جۆرێكی دی لە میدیاكاندا شتێكەو ئازادیش شتێكە،.. ئازادی بە هەموو جۆرەكانیەوە – لە سنوور و چوار چێوەی خۆیدا – دراوە بە مرۆڤ ، وەكو ئەو پینج خاڵە (بەندەی خوا) بە نموونە لە گوتارەكەمدا (ئازادی مرۆڤ ..) هێنامەوە. بە كەم بەهاو سووك دانانی و تەماشا كردنی مرۆڤ بە هەر شێوەیەك حەرام وقەدەغەیە : (ياأيها الذين آمنوا لا يسخر قوم من قوم عسى أن يكونوا خيرا منهم ..). پیا هەڵدانی ناشیرین و خراپ و بانگ كردنی مرۆڤ بە هەر ناوێكی ناشیرین وناپەسەند ، قەدەغەو یاساغە.. (ولا تلمزوا أنفسكم ولا تنابزوا بالألقاب..).

ئەوەی ئەمڕۆ لە میدیاكاندا بە یەكتری دەكرێ و ڕێی پێدەدرێ بۆ دامركانەوەی كەف و كوڵی چەوساوەكان ، پاشان پشتگوێ خستنی داخوازیەكانیان و بگرە هەر كەسەش ڕەخنەی گرتبێ لێكۆڵینەوەشی لە گەڵ دەكرێ ! بێگومان ئەوە حیلەو فێڵ و فەرەجێكە زلهێزە دكتاتۆرەكان دایان هێناو، پاشانیش (مقلد) ـەكانی لای خۆمان قۆزتوویانەتەوە، بازاڕی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی حیزبەكەیانی پێگەرم دەكەن ودەیكەنە موناقەسەی حیزبی و مەردمەكەی پێ فریو دەدەن و لە خشتەی دەبەن. لە كوردستاندا – خۆت دەزانی – ناتەواویی و كەم وكورتی لە خزمەتگوزاریە سەرەتایەكانی ژیاندا زۆرە (وەكو جادەو شەقام وڕێككردنی كۆڵان و مسۆگەركردنی ئاوو كارەبا و مەسكەن..) جا بۆ پەیدانی كردنی هەر یەك لەمانە ،ئەگەر جەماوەر بییەوێ خۆنیشان دانێك سازبدا بەرهەڵستی دەوەستن و ڕێی پێ نادرێ، چونكە دەستێكی ڕەش وا لە پشتیەوە وەكو ئەوان دەڵێن ! لە هەندێ جێگاشدا سەرە ڕای وەڵام نەدانەوەی داخوازیەكانیان ، بە گوللە ولێدان وداپڵۆسان وپاشان قاچاخبوونی خۆنیشان دەرەكان بە بیانووی تێك دانی (ئەمنییەتی ناوچەكە) !بە ناوی میمبەری ئازادیی ، یان سەكۆی ئازادیی، یەك هەفتە لە سەر یەك وەزیر دوای وەزیر دەنێدرایە دەڤەرەكە ، خەڵكانیش لەو سەكۆی ئازادییەدا كەف وكوڵی خۆیانیان دامركانەوە، بەڵام پاش ئەوە بپرسەو ببینە..؟!.

* سەبارەت بەناوانی منداڵ كە ئێوە ڕەخنەتان گرتبوو لە هەندێ ناوو ئاخاوتنی بەندەی خودا.. پێغەمبەری ئازیزو پێشەواو ڕابەرمان (محمدص) لە فەرموودەگەلێكدا دایك وباب و سەرپەرستی منداڵان هان دەدات بە دۆزینەوەی ناوی پیرۆز وخۆش و مانابەخشی باش بۆ منداڵ ، وەگەلێك لەوناوانەی گۆڕیی كە لە سەردەمی جاهیلیەتدا هەبوون ، بۆ نموونە: ئیمامی (ترمزی) لە خاتوونە عایشەوە دەڵێ: (كان ρ يغير الإسم القبيح) واتە: پێغەمبەر ρ هەمیشە هەوڵی دەدا كە ناوی ناخۆش بگۆڕێ بەناوێكی خۆش. (ترمزیی) وا(ئیبن ماجە) لە (عبدالله ی كوڕی عومەر – خ) دەگێڕنەوە

که: عومەر کچێکی هەبوو – بە ناوی (عاصیە) پێغەمبەر ρ گۆڕی بە (جەمیلـە) . هـەروەها (عاصـیی ،عەتلـە ، واتـە: تووڕە) شەیتان، غوراب، حەباب، حەرب) وچـەند نـاوێکی تـر لـەو بابەتـەی گـۆڕی بـەو ناوانـە کـە مانای‌گەشبینی و خۆشگوزەرانیی و ئەمن وئاسایش دەگەیەنن. پێغەمەبەر ρ فـەرمووی: ((تسموا بأسماء الأنبياء ، وأحب الأسماء إلى الله : عبدالله ، وعبد الرحمان..)) ئەبوو داود، نەسایی . لە ئیسلامدا نـاوی پێغەمبـەران و پیاوچـاکان – ئـیتر بـە هـەر زمانێك بن – پیرۆز و پەسەندە، ئەگەرچی باشترین ناو ، ئەو ناوانەن مانای بەندایـەتی بـۆ خـودا دەگەیـەنن، وەکـو بڵێیت: (عبدوللا، عبد الرحمان ، عبد الباری ..) خۆ ئەگەر لـەو ناوانـە لادرا ، دەبـێ نـاوێکی وابێـت مانایـەکی خـۆش ببەخشێ و لە ئایندەشدا منداڵەکە پێی سەخڵەت و شەرمەزار نەبێ ، وەکو (ژیان، ژین، شاد، یاد، یـاس) ئـەم جـۆرە ناوانە هیچ عەیب و نەنگێکیان تێدا نییە، بەمەرجی بـە نییـەتی دژایـەتی لـە نـاوە عەرەبییـە ئیسـلامییەکان نـەبێت . دەربارەی ئەو چەند رستەیش لە کتێبی (پـەروەردە)دا هـاتووە و ئێسـتا تـۆی سـەخڵەت کـردووەو، لـەکاتی خۆیشـیدا سەخڵەتیی منی پێوە دیارە (.. ئەمانە شار بەدەر بکرێن ..) دڵنیابە هۆیەکی هەبووەو ، (ردالفعل) ـە حەز دەکـەم بـۆت باس بکەم بەر لە وەڵامەکە ،دەبێ ئەو راستییە بزانیت کە ئیسلامی پیرۆز هیچ جـۆرە نـاوێکی فـەرز نەکردۆتـە سـەر سەرپەرستیکاری منداڵ ، بەڵکو لەبەر خاتری منداڵەکەو بۆئەوە دوایی خەفەت بە ناوەکەی نەخوا – ئەگەر ناخۆش بوو – گوتوویەتی : ناوێکی باشی لێ بنرێت و ، لەناو ناوەکانیشدا هەر ناوێك بەندایەتی بۆ خوا بگەیەنێت وەکو (عبـدالله ، عبدالرحمان ..) ئەوە لەناو ناوەکانی تر بەرێزترە ، ئێمەیش وەکو موسڵمان و ملکەچ بۆ فەرموودەکانی پێغەمبـەر ρ دەڵێین : هەقە موسڵمانان ناوی پێغەمبەران و چاکان وهاوەڵان بگرنەوە لەباتی (جوعەل ، کەلب ، جـەحش ، ... هتـد) جا لەو سۆنگەیەوە دەبینین (محمد ، احمد .. ئەبوبەکر ، عومەر ، مصـعب ، میقـداد ..) لـەناو منـداڵی موسـڵماناندا زۆرە ، ئەمەیش مانای رەدکردنەوەی ناوی کـوردی نیـە ، چـونکە ئێمـە خۆمـان و دەوروبـەرمان (صـهیب ، مقـداد ، خوبەیب)مان هەیە ، هەروەکو (شینا ، سەناریا ، کۆچەر ، خەندە ، رێزان ، شاد ..) یشمان هەیە ، بـەڵام کـاتی خـۆی موسڵمانێك ناوی منداڵێکی نا (مصـعب) کەچـی لـە دائـیرەی کەسـێتی ناسـین ، بـە چ دەردەسـەریی و نارەحەتییـەك ناسنامەیان دایە .. برایەك بۆی گێرامەوەو گوتی : خوا کچـێکی داینـێ و ناومـان نـا (سـومەیە) پاشـان لـە دائـیرەی کەسێتی ناسین لە هەولێر ، چوارمانگ هێنایانیان و بردینیان و گوتیان : دەبێ ئەو ناوە بگۆرن بە (ئـارەزوو)! ئێمـەیش قبووڵمان نەکرد ، بـەڵام بـۆ دوایـی کـە ناسـنامەکەیان داینـێ بـە ئـارەزووی خۆیـان ناویـان نـابوو (ئـارەزوو) و هـیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوو ، ئیتر با ئێستا کە بە ئاسانی دەیان (حمزە) و (ئوسامە) یان گۆری بـەو ناوانـەی خۆیـان حـەزی لێدەکەن! ئینجا من بە (کاك جەلال) دەڵێم : ئایا کاری وا تۆزقاڵەیەك ئازادی لێدەبینری ، ئایا ئەوە بانێك و دوو هـەوا نییە ، یان پێوانە بە دوو مەن نییە؟! ئەو خۆی حەزی لە چ ناوێ بێت ئازادە چۆنی ناو دەنێت ، بەڵام ئەوەی ئێمە نـاوی (ئیرهاب)یەو تەسکەرەکەی نادەنێ ! جا لە حاڵەتی ئاوادا دەڵێین : ئەوانە کە رێ لە ئازادی موسڵمانان دەگـرن هەقـە شار بەدەر بکرێن..، ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری هەردوو مەسەلەکە بکەیت ، بێگومان دەڵێیت هەقتـە بڵێیـت : خـوا ئەوانەمان لە کوڵ بخات .

* سەبارەت بە (جاریە و کەنیزە کە پاشاو ئەمیرو سەرکردەکان پێکدێنن) گوایا ئیسلام رازی نییە وەکـو تـۆ دەڵێیـت ئازاد ببن و ببنە سەرکردەو حوکمران! سەبارەت بە ئازادبوونی کۆیلەو کەنیزەکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایـەتی لـە ئیسلامدا ، لە بەشی یەکەمدا کەمێکمان لەسەر نووسی و پێویست بە دووبـارە ناکاتـەوە .. بـەڵام کردنـی کۆیلـە بـە (سەرکردەو ئەمیری وڵات).. ئەگەر سەیرێکی کتێبە باوەر پێکراوەکان بکـەیت کـە بـاس لـە مەرجـەکانی هەڵبـژاردنی (ئەمیر) دەکەن، بەراشکاوی هیچ کامێکیان مەرجی وایان رەچاو نەکردووە کە (ئەمیر) نابێ کۆیلـە بێـت ، بڕوانـە کتێبـی (الأحكام السلطانية للماوردي) (٤٥٠ هـــ) ، وە لـە کتێبـە هاوچەرخەکانیشـدا (الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي للدكتور منير حميد البياتي) .. ئـەو کتێبانـەش — ئەگـەر شـتی وایـان هێنابێـت — ئـەوە لـە ڕوانگـەی داب ونـەریتی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەوە دەڕواننە مەسەلەکە ، تەماشا دەکەن کۆیلە لە کۆمەڵگاکەدا بە (ئـەمر)و (نـەهی) ئاغاکـەی دەجوڵێتەوەو ، هەرچی ئەو رێی نەدات ناتوانێ بیکات .. باشە! کەسێکی ئـاوا دەشـێ بکرێتـە سـەرکردەو ئـەمیر ، لـە کاتێکدا ئەمیر دەبێ (سمع) و (طـاعة)یان هەبێ بۆی و هەیبەتی هەبێ لایان؟! ئەگینا خـۆ لـە باسـی گوێرایـەڵی کـردن و فەرمان بەرداری ئەمیرەکاندا هاتووە : (.. وإن استعمل عليكم عبد حبشي رأسه كالزبيبة). بەدەر لەوە کە باوو نەریتی کۆمەڵگا کەم بەهای کردووە (سەمع) و (تاعەت) پشیان نابێ بۆی. مەسەلەی کەنیزەش کەبەشێکە لـە رەخنـەکانت.. دەڵێین : سپاردنی کارە سیاسییە گرنگـەکان بـە ژنـان ، وەکـو دکتـۆر (مصطفى السباعى) دەڵێـت : ژنـان هـەموو ئەهلییەتیەکیان تێدایە بۆ وەرگرتنی ئەوپۆستانە ، بەڵام شتێ رێگر بێ و ببێتە جێگەی تێبینی ، لە دەسـت دانـی کـارە سەرەکییەکانیەتی ، وکو سەرپەرستی ناوماڵ و چاودێری منـداڵان و وەڵامدانـەوەو جێبـەجێکردنی مـافی مێردایـەتیی و روونەدانی تێکەڵی ژن وپیاوی نامەحرەم ، خۆ ئەگەر توانرا لـە پـاڵ ئـەو کارانـەی خۆیـدا کـارە سیاسـییەکانیش بـێ زیانگەیاندن پێیان جێبەجێ بکرێن ، ئەوا پیرۆزە . مەبەست لەو رستەیەش بوّتـە جێگـەی رەخنـەتان کـە ئەمـە دەقـە عەرەبییەکەیەتی دەڵێت : (إذا ولدت الأمة ربتها ((ربها)) ..) ئەمەیـە کـە هـەر کـات مـەردم لـە بـاتی ژنـانی ئـازاد کەنیزەو جاریەیان مارە کرد – لەباتی ئازاد کردنیان — ئەوجا لەو رێگایەوە کەنیزە زۆربووو پـەرەی سـەند ، وەکـو لـە چەندسەردەمێکدا کرایە باوو عادەت ، دیارە ئەوە نیشانەی قیامەتە ، واتـە : زۆر بـوونی کـەنیزە و کۆیلـە نیشـانەی هاتنی رۆژی رستاخێزە. پێغەمبەر ρ دەیەوێ ئەو خەڵکە لە مامەڵە کردن بە کۆیلەو بە جاریـەوە دوور خاتـەوەو ئەونـد خۆ خەریک نەکەن بە کڕین وفرۆشتنیانەوە ، بەڵکو لـە بـاتی ئـەوە هـەوڵی ئازادبوونیـان بـدەن، دەشـتوانی بـۆ پـتر دەرکەوتنی هەق وراستیی سەیری (فتح الباري) راڤەی (بوخاریی) بکەیت . مەبەست لەو رستە ئەمـەبوو نـەک ئـەوە کە ئێوە لێی حالیبوون، گوایا ئیسلام بەکەم نرخ تەماشای کۆیلەو کەنیزە بکات ! دەرەنجام کۆمـەڵێ مافنـاس — لەبـەر بەزەیی و روحم بە مرۆڤە بێچارەکان ببنە پارێزەریان !ئیسلامیش بخرێتە قەفەسی تۆمەت و بوختانەوە و هەرەشەیش لە هەڵگرانی دینی ئیسلام بکرێت وبگوترێ:(دڵنیابن دنیا ئاخری ئێوەیە)!. بێ سۆ بڕیارو هەرەشەی ئاوا ، زۆر دوورە لە شارستانیەت وئەو دیموکراسیی و ئازادییە ئەمڕۆ دەهۆڵی بۆ لێ دەدرێ لێرەو لەوێ ، ئەوانەی دیدو تێڕوانینیان بـەو جۆرەبێ و وابیر بکەنەوە بەرامبەر بە موسڵمانان و وابزانن دنیا ئاخریانە ، زۆر هەڵەن و زۆریش لە هەموو بنەمایـەکی دیموکراسیی و ئازادی دوورن و، ئەوان دڵنیابن کە وەکو بەعسییەکان دنیـا ئاخریـان نزیکـە ، چـونکە بەعسـیش سـەد

ئەونده هەرەشەو تۆقاندن و کاری ئیرهابیی و داپلۆ سان و گرتن و نان برینی خەڵکانی تێکۆشەری کرد ، بەڵام سەرنجام سەری خۆیان پان بوویەوەو فرێدرانە زبڵخانەی مێژووەوەو تا قیامەت نەحلەتیان بەدوادا دەچێت .(ئیبن کەسیر) لە رووداوەکانی ساڵی (٦٥٦ی کۆچیدا دەڵێ :(تەتارا) کەهیرشیان کردە سەر بەغدای موسڵمانان ، لە کوشتنی منداڵ و ژن و پیاو و هەرکەسێك دەستیان پێگەیشتبا درێغییان نەکرد! خەڵکەکەی تریش ئەوەی مابوو خۆی خزانبوویە ناو بیرە ئاوەکان ودەرەو شیوو دۆڵ وگەلە خانی حەیوانات و ئاژەڵەکان وچەند رۆژێ نەیان وێرا بێنەدەرێ ودەرکەون ، گەلێکیشیان چووبوونە ژوورو دەرگایان لە سەرخۆیان داخستبوو و تەتارەکان دەهاتن یان دەرگاکانیان دەشکاند ،وەیان ئاگریان تێبەردەدان ودەیانکوشتن ، شیاوی ئاماژە بۆ کردنە ئەوندەیان لێکوشتن لە کۆڵانەکانەوە لافاوی خوێن هەڵسا ! وەدەچوون دەرگای مزگەوتەکانیشیان دەگرت هەرکەسێکی تێدا بووبا شەهیدیان دەکرد ، بەکورتیی : مەگەر تەنها جوولەکەو گاوەر و هەرکەسێك ئەوان پەنایان دابا ، یان پەنای بە (ابن العلقمی) رافزیی بردبا، ئیتر ئەو بەغدای پایتەختی خیلافەتی موسڵمانان بووە وێرانەو کەسێکی وای تێدا نەما. مێژوو نووسەکان هەندێکیان دەڵێن : یەك ملیۆن کەس کوژرا ، هەندێك دەڵێن : نزیکەی دوو ملیۆن کوژران، ئەمرووداوەش لە کۆتایی مانگی موحەررەمی ئەوساڵەبوو ونزیکەی چل رۆژ کوشت وکوشتاربوو لە سەر خەڵکی بێ دیفاعی بەغداد، دەرەنجام خەلیفە (المستعصم بالله) لە تەمەنی) ٤٦ ساڵیدا کوژرا. خۆ هەر ئەوە تاوان نەبوو بەرامبەر بە موسڵمانان، بەڵکو لە ماوەی چارەکە سەدەیەك شیوعییەکانی (چین) و(رووس) ٢٦(ملیۆن موسڵمانیان شەهید کرد! ئەمە مشتێك بوو لە ئازادی مرۆڤ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە کاك جەلال بە قیبلەیان دەزانێت ، بەڵام کوان چییان لێهات ئایا ناویان کوێر نەبووەو هەتا دنیا دنیا بێت نەحلەتیان بەدوادا ناچێت؟ دڵنیاین ئەوانەیش وا ئێستا لێمان بوونەتە نەوشیروانی عادل چارە نووسیان هەر ئەوەیە. لە کاك جەلال دەپرسم : ئایا کورد – کەئیستا خەڵکێکی راکردوو هەڵهات و لە گۆڕەپانی کوردستان بوونەتە خاوەنیی و ئیسلامییەکانیش کراونەتە عەرەب وەدیانەوێ مامەڵەی بەعسییەکانیان لە گەڵ بکەن – دەپرسین : بەر لە هاتنی ئیسلام کورد چ کییان وقەوارەیەکی سیاسیی هەبوو، تا بە هاتنی ئیسلام ئەو قەوارەیە لێ زەوتکرابێ و درابێ بە موسڵمانان؟! یان دوای نەمانی خیلافەتی ئیسلامیی ، زلهێزە داگیرکەرەکان چییان بۆ کورد کردو ئیسلام نەیهێشت ؟! ئەگەر دوای پارچە پارچە کردنی جیهانی ئیسلامیی و بەشبەشکردنی کوردستانی گەورە وەکو گۆشتی قوربانی، دەپرسین : ئەگەر لە باتی ئەو هاتبان ناویان لە سەر نەخشەی گشتیی تۆمار کردبا و ناوو دەوڵەتیان بۆ دانابا ، کێ هەبوو بڵێ : قبووڵی ناکەین کورد حکوومەتی هەبێ و لەسەر نەخشەی گشتیی کوردستان بنووسرێت ؟!.

* سەبارەت بە لێدانی منداڵ ، کاتێ تەمەنی دەگاتە دە ساڵ نوێژ ناکاو ،ئێوەیش کردووتانە رەخنە ! زاناکانی پەروەردەی یسلامیی ، پەروەردەو تۆڵە دەکەنە (٦) خاڵ :

١- ئاراستەو (تەوجیە) :

بوخاریی و موسلیم لە (عمربن أبی سلمه) وە دەگێڕنەوە و دەڵێ : من منداڵ بووم و پێغەمبەر ρ چاودێری و بە خێوی دەکردم ، لە وەختی نان خواردندا دەستم بە ناو خواردنەکەدا دەگێڕا ، کامم پێباشبووبا دەمخوارد ! پێغەمبەر ρ

فەرمووی : ((یاغلام ! سم الله ، وکل بیمینك ، وکل مما یلیك)) واتە: ئەی خولاّم ! کاتیّ نان دەخۆیت ، بەر لەوە ناوی خودا بهیّنە ، بەدەستی راستت بخۆ ، وەلە بەردەم خۆتەوە بخۆ .

٢- دلۆڤانی و نەرم نیانی و بە لوتف بوون لە گەڵیان : بوخاریی وموسلیم لە (سهل بن سعد) ـە وە دەگیّڕنەوە دەڵێ : خواردنەوەیەکیان بۆ پیّغەمبەر ρ هیّنا ولیّیخواردەوە ، لە هەمانکاتدا خۆلاّمیّك لە لای راستیەوە بوو ، لای چەپیشی خەڵکیّکی بە تەمەن بوون ، بە پیّی ئەو سووننەتەی خۆی داینیاوە ، هەقە دوای خۆی لای راست بیخواتەوە ئەگەرچی تەمەنیشی کەم بیّت ، ئینجا پیّغەمبەر ρ بۆ فیّرکردن و راهیّنانی خولاّمەکە پیّی فەرموو : ((أتأذن لی أن أعطی هؤلاء)) ؟ واتە: ریّم ریّم دەدەیت بەر لە تۆ بیدەم بەوانە ؟ خۆلاّمەکە – کە ئیبن عەباس بوو – گوتی : نەخیّر ، سویّند بە خودا ئەوی لە تۆوەوە بۆم بمیّنیّتەوە نایدەم بەکەس ! دیارە دەیەویّ خۆی لە پاش ماوەکەی پیّغەمبەر ρ بخواتەوەو پیرۆز بیّت ، پیّغەمبەریش ρ وەکو هەقیّك خواردنەوەکەی دایە دەستی منداڵە کە.بەڵیّ ریّز گرتن لە منداڵ و لە داخوازیەکانی منداڵ ئاوا دەبیّت ، پەروەردەو هەق ومافی منداڵان ئاوا دەدریّ ، بامناڵپاریّزان چاو لە پیّغەمبەر بکەن.

٣- لە کاتی هەڵە کردندا ئیشارەو ئاماژەی بدریّتیّ ..

٤- تەوبیخ و سەرزەنشت بکریّ..

٥- ئاخر جار ئەگەر هەرکارەکەی نەکرد، سووکە لیّدانیّك بکریّت ، بۆ ئەمەش مەرجگەلیّکیان داناوە لیّرە دەرفەتی باسکردنیان نییە . مەسەلەی فەرمانکردن بە منداڵ نویّژ بکات ، تەنها بۆ راهیّنان وهۆگربوونیەتی پیّیەوە ، نەك سەپاندن بە سەریا ، لەولایشەوە بەراستیی ناکریّ باوك وبراو کەس وکار هیچ هەیمەنەتیّکیان بە سەر منداڵدا نەبیّت ، لە کاتیّکدا منداڵ هەموو جۆریّکی تیّدایە : هەیە تەنها بە ئامۆژگاری دەگۆڕدریّ و کارەکەی ئەنجام دەدات ، هەیە هەرشەیەکی دەویّ ، هەیە سەرسەختە تووڕەبوون و لیّیشی دەدویّ ، ئەڵبەت ئەم لیّدانە لیّدانی خویّناوی کردن و دەست وپیّ شکاندن نییە ، ئەم لیّدانە تەنها بۆ ئەدەب و تەمیّکردنە ، وە بە هیچ شیّوەیەك ریّگە بە زیادەرەوی نەدراوە . رەخنە دەگیردریّ و دەگوتریّ : باشە بۆ لیّناگەریّن تاگەورە دەبیّ و بڕیاردەدات بۆ خۆی ؟! دەڵیّین بیّگومان هەموو شتیّك کات وساتی خۆی هەیە ، هەرکە لەو ماوەیە تیّپەڕی ، کارەکەشی لە دەست دەردەچیّ و بۆ دوایی بیّ کەڵك دەبیّ ، بۆ نموونە : من بە تۆ دەڵیّم ئەی بۆچی منداڵیّك لە (٦) ساڵیدا دەنیّردریّتە قوتابخانە ، کە هیّشتا سەلیقەی ئەوەی نییە بۆ خۆی بریار بدات؟ کیّ دەڵیّ : ئەو منداڵە حەزی لە خویّندنە ، ئەی بۆ وازی لیّناهیّنریّت تا گەورە ببیّ و بۆ خۆی بریار بدات ؟ خۆ دڵنیایشم ، هەرکات سستی و تەمەڵی کرد ، لەلایەن سەرپەرستیکارەوە سەرزەنشت دەکریّ ، بگرە لیّیشی دەدریّت! بەلاّم هەموو ئەو شتانە لەبەرژەوەندی منداڵەکەدایە، ئەگەرچی ئیّستا سەرماو گەرماو برسی و تینوویشی ببیّ ، یا ئازارو بیّزار بچیّژیّت .. کاك (جەلال)! ئەم جۆرە شتانە زەوتکردنی ئازادی نییە، بەڵکو مەسەلە ، مەسەلەی بەرپرسیّتی و لیّپرسینەوەیە ، ئیّمە – هەمووومان – بەرپرسین لە ئایندەی منداڵان ، هەر لە (ئەخلاق) و رەوشتیانەوە ، هەتا خویّندن و پەروەردەی جەستە و دەروونییان ، هیوادارم تۆش ئاوا بچیت بە دەم ئەم مەسەلەوە.

کۆتایی بەشی دووەم